# حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك

# لە روانینی شاعیرانەی شێرکۆ بێکەس-دا




ئیدریس عەلی

**سەبەتەیەك لە گۆرانیی و لە پەپوولە**
**باوەشێ خەمو مانگەشەو.**
**پۆلێك ماچی ترساو ترساو.**
**یەك ژووری سیخناخ لە ڕەخنە.**
**هەموویانم خستە بەردەست ئەم رۆژگارە.**
**ئەویش یەکەمیانی دا بە منداڵان و**
**دووهەمیان بە ئافرەتان و**
**سێهەمیان بە عاشقان و**
**چوارەمیش بە سیاسیەکان!**

لە تازەترین ئەزموونی شیعری و دنیای داهێنانی خۆیدا شێرکۆ بێکەس نامیلکە شیعری (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك)ی بە چاپگەیاند.. کۆی تێکستەکانی نێو ئەم نامیلکەیە بریتین لە حەفتا پارچە شیعری کورتو روانینی شاعیرانەی شێرکۆ بێکەسی تێدا بەرجەستە بووە بەرامبەر بە شتەکان.. هەڵبەت شێرکۆ بێکەس لەو شاعیرانەیە، کە ئەزموون لە دوای ئەزموون بابەتی نوێ و مانا و موفرەداتو دنیابینیو کەشی تازە لە نێو پانتایی تێکستەکانیدا دەخولقێنێت، بۆیە ئەگەر کەسێك نیازی بێت خۆی لەقەرەی قسەکردن لەسەر دەقی تازەی شاعیر بدات بێشك بەرێگایەکی دژواردا تێدەپەڕێتو دەکەوێتە هەڵەوە، ئەگەر ئەزموونێکی تازەی بشوبهێنێت بە ئەزموونو کارە شیعرییەکانی پێشووتری.

لەم ئەزموونە نوێیەیدا، شاعیر ژیانی بە کۆمەڵێك کەرەستەو بابەتو شتگەلێك بەخشیوە، کە رەنگە لە ژیانی ئاسایی زۆربەی مرۆڤەکاندا جێگەی بایەخ و تێڕامان نەبێت. گیان بەخشینەوە بە شتە بێگیانەکانی دەوروبەرمان لە رێگەی شیعرەوە بۆ خۆی ئاستێکی هونەریی بەرزو سەلیقەیەکی شاعیرانەی دەوێت، کە شاعیر لەم نامیلکەیەیدا کاری لەسەر کردووە. ئەگەرچی شیعرەکانی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك) کورتنو زیاتر خۆیان لە شێوەی پۆستەرو وێنەی برووسکە ئاسادا نمایشکردووە، بەڵام روئیاو دنیابینییەکی فراوانو تازەگەر لە پشتیانەوە هەست پێدەکرێتو خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەیاندا گوێی لە گوتارێکی شیعریی جیاواز دەبێتو هەستێکی مرۆیانەی لا دروست دەبێت.